# دوو شيعر بۆ ژنێك.

## زیاد نادر عاڵلاّیی

بۆ ئوستادی گەورە لەتیف هەڵمەت پێشکەشە.

-1

دەشێ سبەی سروشت کڕ بێ !!

دەشێ سبەی سروشت کپ بێ !!

دەشێ وابێ ..

دونیا بێدەنگ و هەرا بێ ..

چون کەژاوەی شا پەرییەك بەڕێوەیە ..

بەختی منە .. نەبارانە .. نەکڕێوەیە ..

هۆ کۆتری وڵاتی بەهارو نازو عیشق،

فەرشی سەوزم ڕاخستووە،

بۆ هاتنی عەتری شنەبایەکی وەکو تۆ ..

دە تۆ وەرە،

بارانەکچی وڵاتی شەکروگوڵ و گەزۆ.

-2

تۆ لە بـــــــەفر..

یا بەفر لە تۆنەرمترە..

دڵت لە ئـــــاگر،

یا ئاگر لە تۆ گەرمترە..

لە تۆو بەفرو ئاگر ناگەم!!

لێ هەرسێکتانم خۆش دەوێ..

شاعیر حەز دەکا لە یەك کات،

لە سەر بەفر..

لە نێو ئاگر..

لە باوەشی ژندا ئاسودە بسرەوێ.

هەولێر

**********************